کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-10-2007 0:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کورد نه شه‌ڕی ته‌واو ده‌کا و نه ئاشتی ته‌واو ... هیشام ئاکره‌یی

akreyii@gmail. com

تاوەکوو کارەکان بە باشی ئەنجام بدرێن پێویستە بە شێوەیەکی جددی و زانستیانە بکرێن. شەڕ و ئاشتی بە قەدەر ئەوەی پەیوەندیان بە هێز و هاوکێشەکانەوە هەیە، پەیوەندیان بە شێوازی جێبەجێکردنیانەوە هەیە و زانستێکە ئاڵۆزتر لە هەموو زانستەکانی تر. کەسێکی پسپۆر و شارەزا ئەو کەسەیە کە لە ڕەگەوە میکانیزمی دروست بوونی کارەکان دەزانێت و بەو شێوەیە مامەڵە لە گەڵیان دەکات. هەر بۆیەش چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان لە دەستی کەسانی پسپۆڕدایە. لەوانەیە مامۆستایەک یان دکتۆرێکی نەعیلاج دەیان ڕۆژ خەریکی قوتابیەک یان نەخشۆشێک بن و پێیان نەکرێت چارەسەری کێشەکەی بکەن، بەڵام دکتۆری شارەزا و مامۆستای شارەزا بە ئاسانی کارەکەیان ئەنجام دەدەن و چارەسەری دەدۆزنەوە.



بەداخەوە شۆڕشەکانی کورد و پارتە کوردستانیەکان بەردەوام ساکارانە کار دەکەن و هەنگاو دەنێن. پرۆفیشونالیزم و شارەزایی لایان شەرمە، یان توندڕێییەوە. ئەو شێوەیەی کارکردن بۆتە هۆی شکست هێنانی بەردەوام. شۆڕشەکانی کورد نە سەردەکەون و نەش کۆتایی پێیان دێت. ئەمەش بەردەوامی دەداتە ئێش و ئازارەکانی گەل.

زیاد لە 100 ساڵ دەبێت کورد خەریکی خەباتی سەربەخۆبوونە، بەڵام نەی توانیوە بەدەست بێنێت. نەک لەبەر ئەوەی دوژمنانی زۆرن و جوگرافیایەکی داخراوی هەیە. بەڵکۆ زیاتر لەبەر ئەوەی نەشەڕی تەواویان کردوە نەش ئاشتی تەواو. کورد شەڕێکی شەرمنانە دەکەن و ئاشتیەکی لەوە شەرمنانە تر دەکەن. بزووتنەوەکانی کوردی تاوەکوو ئەمڕۆش بە زانستی هاوکێشە نە شەڕ دەکەن و نە ئاشتی. ئەوان نازانن تاوەکوو سەربکەون دەبێ هاوکێشەیەکی تەواو دروست بکرێت. کاتێک دوژمن تانک و تۆپ و تەیارە دێنتە مەیدانەوە، دەبێ لایەنی کوردی شتێکی تر بێنتە ئاراوە بۆ ئەوەی هاوکێشەکە تێک نەچێت. 3 پارێزگای عەرەبی سوننە هەموو عێراق بە ئەمریکاوە تێکیان داوە. نەک لەبەر مەردی عەرەبی سوونە، بەڵکۆ لەبەر ئەوەی بەردەوام فاکتەری تازە دەدۆزنەوە لە کاتێکدا لەناو شارەکاندا شەڕ دەکەن (هەڵبەتە بەندە دژی تیرۆریزمی ئەوانە) .

دەوڵەمەندەکانی سەر بە داگیرکەران تەنیا سامانی کوردستان دەدزن، لە کاتێکدا بزووتنەوەی کوردی پارە لە هەژارەکانی کورد وەردەگرن. دەرەبەگەکانی سەر بە داگیرکەران تەنیا شەڕی کورد دەکەن لە کاتێکدا لایەنە کوردیەکان لە ماڵی چووتیارانی کورد خواردن دەخۆن. هەزاران لاوی کورد لە زیندانەکانی داگیرکەراندا دەناڵێنن، لە کاتێکدا دیلەکانی شەڕ ئازاد دەکرێن. کاتێک دوو سەرباز بە دەستی پێشمەرگە یان گریلا بەدیل دەگیرێن هاواری بەناو مرۆڤ دۆستەکانی کورد زیاتر لە هی تورکەکان و داگیرکەران هەڵدەسێت و داوای ئازاد کردنیان دەدەن. هەزاران داگیرکەر دێنە کوردستان و هاوکاری هێزەکانی سەربازی دەکەن و وەک سیخۆڕ لە کوردستاندا کار دەکەن و ڕێزیان لێ دەگیرێت لە کاتێکدا هەمان ئەو کەسانە بە کوردستان دەڵێن تورکیا و عێراق و ئێران. دوژمنانی کورد شەڕی بەرەی سەربازی و نەمان لەگەڵ کورد دەکەن، کوردەکانیش بە شێوەیەکی نەرم شەڕ دەکەن، وەک بڵێی ئەوانیش دەوڵەتن و هێزی سەربازیان هەیە. کورد تاوەکوو باشووری کوردستان بپارێزن کە هێشتا نەبۆتە دەوڵەت، ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان دەکەنە قوربانی باشوور. ئەم کارەی کورد وەکوو ئەوەیە عەرەبی سوننە لە دیالا و ڕەمادی شەڕ بوەستێنن چونکە لە تکرێت و بەغدا شەڕ دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر لە شەڕدا ئەوە حاڵی کورد بێت، لە ئاشتیدا حاڵیان خراپترە. لایەنە کوردیەکان ئاشتی لە گەڵ حکومەتێک دەکەن کە خۆی شەڕی هەڵگیرسیاندوە. باشە چۆن تورکیا شەڕ دەوەستێنت لە کاتێکدا خودی تورکیا شەڕی هەڵگیرساندوە. لایەنە کوردیەکان ئاشتی لەگەڵ عێراقێک دەکەن کە هێشتا دانی بە مافەکانی نەناوە. هەر کاتێک هێرشیش دەکەنەوە سەر باشووری کوردستان دەڵێن عێراق شەڕی بە ئێمە فرۆشت یان فێڵبازە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وازیان لە ئێران هێناوە و ئاشتیان بە دیاری داوەتە حکومەتی ئاخوندەکان لە کاتێکدا لە باشووری کوردستان کۆمەڵە و دیموکرات خەریکە لەتلەت دەبن و یەکتری دەکوژن. باشووری کوردستان ئاشتیەکی بێ بەرامبەر بە ئەمریکایان داوە لە کاتێکدا ئامادەنییە کوردستان لە هێرشی تورکیاش بپارێزێت.

سەرانی کورد دەبێ بزانن ئەگەر ئەلقاعیدە و بن لادن کە عەمیلێکی پێشووی ئەمریکا بوو ئەگەر ئەمرۆ شەڕ بوەستێنێت وەک یاسر عەرفات خەلاتی ئاشتی پێی دەدرێت. کەواتە ئاشتی تەواو نرخی خۆی هەیە و بەهەمان شێوە شەڕی تەواویش دەسکەوتی خۆی هەیە. چونکە کورد نەشەڕی تەواو دەکەن و نە ئاشتی تەواو دەکەن هیچ دەسکەوتێکیان نییە. بۆیە کورد پێویستە خۆیان ساخبکەنەوە و ئەگەر شەڕیان کرد با شەڕێکی تەواو بێت و ئەگەر ئاشتیشیان کرد با ئاشتییەکی تەواو بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.